# نوێژێکی تەڕ ، تەڕ وەك ئاونگ

بەرزان هەستیار
ئەڵمانیا/کۆلن
٢٠٠٢/12/٢٢



تۆ سەرزەمینێکی جوانت لێمان ئەوێ و
سەرزەمینێکی ئارام ئەخوازی و بەلاّم
ناتوانی نەهێڵی منالاّن بمرن!!
کە شەڕەکان هەڵئەگیرسێن
کۆشکەکەی خۆتیان بۆ چۆڵ کە،
با خەونێکی سپی. . سپی
سپی وەکو کلوی بەفری تیا ببینن
لەوەرزەکانی تەزیندا
پاڵتۆکەی خۆتیان لەبەرکە، گەرم. . گەرم
با وەک عەشق گەرم دابێن،
کەتاوە تەرزەی" پەتا"یەک لاسکی دڵەکان ئەشکێنێ
تۆ بانگیان کەرە لای خۆت و
حیکایەتی خۆش خۆشیان بۆ بگێڕەوە
بۆ ئەوەی نە تۆ لە حەوشە بێ باخچەکانی تەنیاییدا
نینۆک بکرۆژیت و
نەئەوانیش لەپێخەفە ڕەنگ پەڕیوەکانی مەرگا
چاو لەبێ ڕەحمیی تۆ ببڕن؛
لێیان گەڕێ با دڵە کرمێکان
پڕکەنەوە لە قوڵپی سەوزبوون،
ماڵەتاریکەکان
شادکەنەوە بە وەنەوشەی پێکەنین و
سەنگەرەکان تژی کەن لەبێ دەنگیی؛
خودایە بهێڵە منداڵان
لەبن سەیوانە ئارامەکانی ڕووناکییدا
مورووەکانی عەشق و سەفا بهۆننەوە
چیمەنێکیان بۆ ڕاخە، دوور لەچاوی بەدی ئێمە
ئەو گەمانەی تێدا بکەن. .
ئێمەی گەورە لە خەونیشدا نایانبینین؛
خوداوەندا ئێمە زۆرین، زۆرین، زۆر
دەریاکانمان بۆ پڕکردووی لە قەوزەی فیتنەو

چیاکانیش گوڵزاریکن لەفەساد،
خوداوەندا تازە دەست لە ئێمە بشۆ
لێگەڕێ ئەو وردیلانە
کەلەجەنگەکان دێینەوە میزمان پیا بکەن
کەبلووری چراکان و
کریستاڵەکانی عەشق ئەشکێنین
پێمان پێبکەنن،
لێیانگەڕێ
کەباخچەکان وێران ئەکەین
خەبەر بدەنە گوڵەکان
بەزەردەخەنە ساردەکانمان باوەڕ نەکەن،
بەرلەوەی مانگ ئەتک بکەین
نامەیەکی کراوە بنێرن بۆ ئەستێرەکان
دەرگای جریوەمان بەڕوودا داخەن
بروسکەیەکی بەپەلە بنێرن بۆ ئاسمان
پەنجەرەکانی ساماڵمان لێ پێوەدا
ئێمە. . ئێمە خودایە
ئێمەین دەرگای ماڵەکانی تۆ مۆر ئەکەین و
کتێبەکانی تۆ ئەسووتێنین و
پێغەمبەرەکانت شاربەدەر ئەکەین. . ،
لەوان گەڕێ
لە کانییەک گڕوگاڵ و
لەڕووبارێ زەردەخەنەو
زەریایەک قاقامان هەڵکێشن
تا کاژێک لەبوغزو
پێستێک لە خوێن و
توێژێک لە گوناە داماڵین،
کراسێک لە گزنگ و
کڵاوێ لەتریفەو
پاڵتۆیەک لە هەلاڵە بپۆشین، خوداوەندا

تێبینی کوردستان نێت:
مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.
ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣